

# هەنگاوەکانی ماکیاژی پێڵووی چاو بەوێنەوە


ماکیاژ کردنی چاو پێویستی بەکارامەیی و چەند هەنگاوێکی گرنگە، لــە کاتێکدا نیازی ڕەنگ کردن و ماکیــاژی چاوەکانت هەیە، چونکە هەر هەڵەیەکی ئاســایی کار دەکاتە ســەر شێواندنی جوانــی ماکیاژەکە، مەبەســت لەمــەش دەبێ بەوپەڕی ئاگادارییەوە کارەکە ئەنجام بدەی تەنانەت بیرۆکەی سەرەتا بۆ ماکیاژەکە ڕۆڵێکی گرنگی دەبێ لەماکیاژی چاو. ئەگەرچی زۆربەی خانمان ناتوانن ماکیاژی چاو ئەنجام بدەن، بەڵام دەتوانن سوود لەهەنگاوەکانی ماکیاژ کردنی چاو وەربگرن کە بەئاســانی و ســانایی فێــری هەنگاوەکانت دەکات و دەتوانیــن ماکیاژێکی جوان بەدەســت بهێنیــن. لەهەنگاوە ســەرەتاییەکانی ماکیاژەکە، دەبــێ بزانین چۆن فڵچەی ڕەنگ بەکاردەهێنین، ســەرەتا فڵچەی پاککردنەوە و ڕەنگی ئەســاس دەبێ بەئاراســتەی ژوورەوەی چــاو بەرەو دەرەوە بێ، هەروەها بەپێچەوانەش فڵچەی ڕەنگی پشت چاو، بەئاراســتەیەکی تیژ و لەدەرەوەی چاو بەرەو ژوورەوە دەبێ، دواتر ڕەش کردنی ژێرەوەی چاو یان برژانگ بەنەرمی دەبێ، هەروەها قەڵەمی ســپی لــەژوورەوە بەرەو دەرەوە ئەنجامی بدە. ســەبارەت بەکلی ســەرەوەی برژانگ، ئەویش بەئاراستەی دەرەوە دەبێ، لەدوا قۆناغیشــدا ماســکارا بکە و ئیتر دەگەیتە ماکیاژێکی شایستە و جوان.



١


٤


٢


٥


٣


٦



## کراس و

وتەیەکی کۆن و جوان هەیە لەسەر کراس و کەوێ، کە دەڵــێ: کراس و کەوێ مێــردی دەوێ! ئەو وتەیە لــەوە هاتووە کە جلی کوردی لەشــێوەی کراس و کەوێ، بەهایەکی تایبەتی خۆی هەبووە، ئەوانەی پۆشــیویانە، وەك خانمێکی پێگەیشتوو و تێگەیشــتوو دەناســران، ئەو جۆرە مۆدەیە کە بەمۆدەی کلاســیك ناســراوە و تەنانەت شێوە و دیمەنێکی گران و قورســی هەیە، بۆیە دەکرێ خانمــان وەك شــازادەیەك بیپۆشــن. جۆرەکانی کراســی کوردی زۆرن، لەوانە: کراس و کەوێ- کراس و ســەڵتە – کــراس و ئێلەگ، هەر یەکە لەوانە دیمەنێکی شایستە و جوانی هەیە. ستایلی کراس و کەوێ، پێکدێت: لەدوو بەشــی سەرەکی، ئــەوەی یەکەم بریتییــە لەکراس، کــە لەژێرەوە

## نەرمی و ناسکی کراس

جلوبەرگ، گرنگترین لایەنە لەبواری جوانکاری، چونکــە مرۆڤ جوانتر دەکات، تەنیا لەکەمترین حاڵەتــدا خانمان جلوبەرگ جــوان دەکەن، بەڵام زیاتر جلوبەرگ خانمان جوانتر دەکەن، بەجۆرێك کاتێك جلوبەرگ لەگەڵ جەســتە و جوانی ئەو خانمــە دەگونجێ کە دەیپۆشــێ. بۆیە دەتوانین لەڕێگەی جلەکانەوە، گەورەترین جوانی بەخانمان ببەخشــین، یەکێــك لەو جلە جوانانــەی کە بۆ وەرزی هاوین دەپۆشرێ، ئەویش (کراس و بلوز) ی هاوینەیە. ئەو جۆرە جلانە سەرنجڕاکێشیەکی ســەیری پێوە دیارە، تەنانەت دەکرێ ســوود لەو جوانەیان وەربگرین لــەو وەرزەدا. بەهۆی ئەوەی





## کەوێ

دەپۆشـــرێ و هەموو جەستە دادپۆشێت، هەروەها بەشـــی دووەمیش ئەو کەوێیەیە کە لەسەرەوەی کراســـەکەوە دەپۆشـــرێ، زیاتر کەوێ بەسەر کراســـەکە دەردەکەوێ، بەهۆی ئەوەی بەسەر کراسەکەوە دەپۆشرێ. کەوێ دیمەنێکی قورس و گرانی هەیە، کە خانمان کاتێك دەیپۆشـــن، دەبن بەیەکێکی گەورە یان گەورەیی بەو کەسە دەدات، ئەگەر چی ئێســـتا ستایلی کراس و ســـەڵتە باوی هەیە، بەڵام کـــراس و کەوێش یەکێکە لە مۆدە جوانەکانی جلی کوردی، بۆ ئەوەی کەوێ بەجوانی بوەستێ و جوانییەکی تایبەتی هەبێ، چاکترە لەقوماشـــی قەدیفە دروســـت بکرێ، هەروەها پێوانەی تەواو بێ لەسەر جەستەی ئەو خانمەی دەیپۆشێت.

## و بلوزی هاوینە



کراســـی کورت و بلوز و بـــۆدی زیاتر بەشی ســـەرەوەی جەستە دەگرێ، بۆیە مامەڵـــە لەگەڵ جوانی ڕووخســـار و بەشی سەرەوەی خانمان دەکات، ئەمەش وادەکات کە زیاتر بەرچاو بێ و دیمەنی خۆی لەدەســـت نەدات، دەکرێ ئەو بلوز و کراسانە سەربەخۆ بپۆشرێن، یان کاتێك بەتێکەڵی لەگـــەڵ جلی دیکە وەك جینز و جلی تر بگونجێندرێن، ئەمەش گەورەترین مۆدەی جوانی دەردەخات. بۆ مۆدەی ئەمســـاڵ لەبواری کراس و بلوز دەتوانین کراســـی کراوە، واتە ئەوەندە تەسك نەبێ، هەروەها سەبارەت بەبلوز ئەویش دەکرێ


هە ند ێك فراوان بێ، تا بە شلی و نەرمی لەسەر جەستەی خانمان بوەســـتێ و بەمەش سەرنجڕاکێشـــی خۆی دەنوێنێ.

## گوڵی دەستکرد بۆ دیکۆری ماڵ



چەندەها ڕێگە هەن بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی دیکـــۆری ماڵ، بەمەرجێك هەر کەرەســـتە و کەلوپەلێك لەشـــوێن و جێگەی خۆی دابنرێ، ئەمەش وادەکات کە دیکۆرێك دروســـت بێ و لەڕێگەی ئەو دیکۆرەوە جوانییەکی تایبەت و ڕازاوە ببەخشین، لە دیکۆری ماڵدا بچووکترین شت ڕەنگە جوانییەکی گەورەی هەبێ، یەکێك لەو کەرەســـتانەی کە ئەو خاســـیەتەی هەیە، بریتییە لەگوڵ و گوڵدان لەژوورەوە. دوو جۆرە گوڵدان هەن، یەکێکیان گوڵی سروشتی لەخۆ گرتووە، ئەوەی دیکەش گوڵی دەســـتکردە و جوانی و درەوشـــانەوەی خۆی هەیە، لەدانانی ئەو جـــۆرە گوڵانەوە دەتوانین جوانترین دیکۆر بۆ ماڵەکـــە ڕێکبخەین و هەر کەرەســـتەیەك دەبێتە جێگەی شـــانازی و جوانی لەدیکۆردا. بەجۆرێك ئەو گوڵانە بەپێی جوانیەکەی خۆیان دابنرێن و شـــێوە و جۆری دانانیان هەمان ئەو شێوەیە بێ و بگونجێ لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی لێوەی دادەنرێ. دەکرێ ئەو جۆرە گوڵانە لەناو مەرکانی شووشـــە بن، یان لەناو سەبەتەیەکی بچـــووك و ڕازاوە بـــن، یاخود دەکـــرێ تەنیا لەسەر شـــتێك یان ســـینیەکی جوان دابنرێن و بەمـــەش دیمەنێکـــی ڕازاوە و جوان تۆمار دەکات، گرنگترین لایەن لەجوانی گوڵ، دەبێ سەربەخۆ دابنرێ واتە لەشـــوێنێکی هەندێك چۆڵدا بێ تا بەجوانی دەربکەوێ.

# فانۆسمان لەیاد ناچێتەوە!




فانـــۆس لەســـەردەمی زووەوە تا چەند ســـاڵێك بەر لەئێســـتا خزمەتی کردین بەڕووناککردنەوی شەوە تاریکەکان ئەویش بەهۆی نەبوونی کارەباوە ئامێری وەك فانۆس یان لۆکس بەکاردەهات، فانۆس لەســـێ بەش پێك دێت بەشی ژێرەوەی نەوتی تێدەکرێت لەگەڵ بەشی ناوەڕاست کە شووشەیەکی روونە و ڕووناکییەکە بڵاو دەکاتەوە، لەگەڵ بەشـــی ســـەرەوەی کە دەسکی هەڵگرە بۆ هەڵگرتن یان هەڵواســـین بەکار دێت، ئەوەی شایەنی باسە جگە لەماڵان دەزگاکانی میریش ئەوکات بەکاریان دەهێنا بۆ نموونە پۆلیسی ئەوکات کە (چاوەش)یان پێدەگوت، شـــەوان لەکاتی ئێشـــکگری بەکاریان دەهێنا، هەر یەك لەفتیل و شووشـــەی فانۆس ماوە ماوە دەگۆڕدرا تا باشـــتر کاربکات، چۆنیەتی کارکردنی فانۆس بەم شێوەیە بووە: کاتێك گڕ دەکەیتە سەر فتیلەکە، ئەویش لەخووری یان قوماش دروســـت دەکرێ، کە ژێرەوەی فتیل لەناو نەوتەکەدا دەبێ، ئیتر هێواش هێواش نەوتەکە بۆ ســـەرەوە ڕادەکێشێ، فانۆسی کۆن، بەبێ شووشە بووە، تەنیا پارچە قوماشێکیان دەخستە ناو قووتوێك و ئەمەش کە سەرەوەی قووتووەکە کون دەکرا، ئیدی ئاگریان لەقوماشەکە بەردەدا و بۆ خۆی دەسووتا.

رەوەند بەختیار

# گومەزی شین لەکەرکوک

شارەکانی کوردستان هەر یەکە خاوەن چەندەها مێژوو و شوێنەوار و کلتووری کۆن و بەپێزن، شـــاری کەرکوك وەك شارێکی کوردستان بەچەندین شوێنەواری کۆن و ئاسەواری گرنگ ناسراوە، یەکێك لەوانە قەڵای دێرینی شاری کەرکوکە، بەڵام لەوە گرنگتر لەناو قەڵای کەرکوك، چەندەها شـــوێن و ئاسەواری کۆن بوونیان هەیە کە بۆ ســـەدەکانی دوازدەهەمین و بەرەو خوارتر دەگەڕێتەوە، تا ئێســـتاش شـــوێنەواری گرنگ لەو قەڵایە هەن، ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنجە، گومەزی شـــینە، کە بە(کوکی کونەبەد) ناسراوە، گومەزی شین، بریتییە لەگومەزێکی بچووك، درێژییەکەی نێوان (١٥ تا ٢٠) مەتر بەرز دەبێ، کە دیمەنێکی ڕەنگین و جوانی هەیە، ئەوەی ســـەیرە لەگەڵ ئەوەی لەساڵانێکی زووەوە دروستکراوە، کەچی جوانی خۆی لەدەســـت نەداوە، ئەویش بەهۆی نەخشـــاندنی دیوارەکانی ئەو گومەزە بەنەخش و نیگاری جوانەوە ڕازاوەتەوە و زیاتریش بە قاشان ڕەنگ کراوە، هەروەها بەچەندین نووســـینی کۆن کە لەســـەرەوە بۆ خوارەوە نووســـراوە، سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە ژێرەوەی ئەو گومەزە گۆڕی کچێکە، کە ناوی (بوگدای خاتوون) بووە، زیاتریش دەڵێن: ئەو کچە لەسەر خۆشەویستی و عیشقەوە گیانی سپاردووە، مێژووی دروستکردنی گومەزی شین دەگەڕێتەوە بـــۆ ســـاڵی (١٣٦١)زایینی، کەچی تاوەکو ئێســـتاش جوانی خۆی لەدەســـت نەداوە، ئەم گومەزە وەك هێمایەکـــی جوانی و شوێنێکی نیشان دروســـت کراوە، ســـەرتاپای گومەزەکـــە لەکەرپـــووچ دروست کراوە.



# قاسپە قاسپی کەوی کوردستان

کـــەو یەکێکە لەو باڵندە کێـــوی وماڵیانەی کە خاوەن دەنگێکی بەجۆش و خۆشە، کەوی کێـــوی کاتێـــك گوێت لەقاســـپە قاسپی دەبێ، هەست بەخۆشی و ئارامی دەکەی، کەو لەکوردســـتان زیاتـــرە لەناوچەکانی قەندیل و حاجی ئۆمەران و دەربەندیخان و بارزان و لەناوچە شاخاوییەکاندا دەژی، کەو هێلکە دەکات و نزیکەی (٣ تا ٥) هێلکە دەکات، کەو حەز بەڕۆیشتن بەناو شوێنی لم دەکات، واتە لێواری ڕووبار و دەریا، کەو شتێکی جوانی هەیە کە بەبەرد و لمی سەر دەریا و یان ئەو کەرتە چیا و بەردی چیا دەکەونە ناو ئاوە ئیتر بەو شـــێوەیە کە دەنووکی لەو بەردانە دەدات و دەنووکـــی تیژ دەکاتەوە. دەربارەی ڕاو کردنی کەو، دوو تێڕوانین هەیـــە، یەکێکیان دەڵێ: کەو خۆ خۆرە، واتە کاتێك یەکێك بگرێ، لەناو قەفەسدا بێ، ئەگەر لەشوێنێك دابنرێ، بەدەنگە تیژەکەی داوای کەوی دیکە و هاوڕێکانی دەکات، تا ئەوانیش ڕاو بکرێن، لەلایەکی دیکەوە دەڵێن: لەو کاتەدا کەو هەست و سۆزی بۆ یەکتر هەیە و کاتێك یەکێك لەناو تەنگانە بێ، یان لەناو قەفەسدا بێ، ئەوانەی دیکەش دێن بۆ یارمەتی و پشتگیری، گۆشتی کەو دەخورێ و تامێکی خۆشی هەیە، بەڵام جوانییەکەی زیاترە لەگۆشت خواردنەکەی، کاتێـــك نزیك ئەو ناوچانە دەبیتەوە کە کەوی لێ دەژی، گوێت لەقاسپەقاســـپەکانی دەبێ و ئیتر دەنگێکی خۆش و بەجۆش لەگوێت دەزرنگێتەوە، کەوی کێوی کاتێك ڕاو دەکرێ و خۆماڵی دەبێ، ئیتر زۆر ئەستەمە بگەڕێتەوە دەشت و دەر.





# پیره منداڵێک

جۆره نەخۆشییەك هەیە بەناوی (جیلفۆرد برۆجیریا)، کە ئەو نەخۆشییە مرۆڤ تووشی پیر بوون دەکات، بەڵام نەخۆشییەکی درێژخایەنە و هێواش هێواش دەردەکەوێ، نەوەك وەك نەخۆشییەکانی دیکە ڕاستەوخۆ بەڕووخسارتەوە دیار بێ، ئەو نەخۆشییە تووشی هاووڵاتییەکی بەریتانی بەناوی (دین ئاندریۆ)ی تەمەن (٢٠) ساڵە بووە، بەڵام لەڕووواڵەتدا ئەگەر سەیری بکەی بەکەسێکی (١٠٠) ساڵە دێتە بەرچاو، هۆی ئەو گەنجە پیرە ئەوەیە، کە ئەو نەخۆشییەی بەشێوەیەکی خێرا تووش بووە و ئیتر لەشێوەی پیاوێکی پیر دەچێ، کاتێك لەلایەن پسپۆران لیکۆڵینەوەی بۆ کراوە، دەرکەوتووە کە تەمەنی ئەو گەنجە (٤) جارانی تەمەنی خۆی زووتر پیر بووە، واتە (٤) جارانی (٢٠) بکەین، وەك ئەوەی پیاوێکی (٨٠) ساڵە یان گەورەتر دەردەکەوێ.





## ئەمە کیژۆڵەیە یان بووکە شووشەیە!




هەندێك مرۆڤ هەن، شێوەیەکی جوان و سەیریان هەیە، کە لەگەڵ ئەوەی سەیرە و لەمرۆڤ ناچێ، بەڵکو دەچێتە سەر لایەنی دیکە، وەك ئەوەی شتێکی دیکە بێ کە لەبەر چاوی مرۆڤ دیار بێ. ئەو کچە ناوی (ڤیکتۆریا)یە و تەمەنی (١٤) ساڵ دەبێ، شێوەیەکی ناسك و جوانی هەیە، تاوەکو جووڵە نەکات هەست ناکەی ئەوە مرۆڤ بێ، بەڵکو شێوەی لەبووکە شووشە دەچێ، ڕووخساری ئەوەندە ناسك و جوانە تەنانەت لەزۆربەی شوێن وا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن کە بووکە شووشەیە نەوەك مرۆڤ.

## یادی مراوی کرایەوە!



بۆنە و یادەکان جێگەی گێڕانەوەی بیرەوەری و یادێکی بەسوودە لەگشت جیهان، کەچی وادیارە لەزۆربەی وڵاتانی جیهان، یادی سەیر و ئاهەنگی سەمەرە ئەنجام دەدەن، کە بەبۆنەی شتێکەوەیە کە جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێك بێ، ئەمەش وەك ئەو ئاهەنگە تایبەتەی بۆ جوانی و سەیری باڵندەی (مراوی) ئەنجام دراوە لەوڵاتی بەریتانیا، کە باڵندەی مراوی زۆر لەلایان خۆشەویستە و گرنگییەکی تەواوی پێدەدەن، بۆیە ئاهەنگێکی جوان و سەیریان ئەنجامدا، کە بەپۆشینی جلوبەرگ بۆگشت ئەو مراویانەی هێنابوویان بۆ ئاهەنگەکە، وەك ئەوەی ئەوان خاوەن ئاهەنگ و کاری خۆیان بن و هەر یەکە بەپێی جوانی ڕەنگی خۆی و شێوەی جۆرە جلێکی پۆشی بوو..





# نوکتە

- کابرایەک ژنەکەی نەخۆشە و بەدیارییەوە دانیشتووە، ژنەکەی پێی ئەڵێت: پیاوەکە ئەگەر بمرم تۆ چی دەکەیت؟ پیاوەکە دەڵێت: ئەگەر تۆ بمریت من شێت دەبم، ژنەکەی لێی دەپرسێت: ئەی ژن ناهێنیتەوە؟ پیاوەکە دەڵێ: نازانم، بەڵام شێت هەرچییەک بکات لێی ناگیرێت.

* * *

- کابرایەکی ڕەزیل دەچێتە کەبابخانەیەک و ١٦ نان بەکەبابێک دەخوات، کە تەواو دەبێت دەڵێت چەند دەکات، خاوەنی کەبابخانەکە دەڵێت پارەی نانەکانم بدەرێ پارەی شیشە کەبابەکە مەدە.

* * *

-مامۆستای کوردی بە تەلەبەیەک ئەڵێت ڕستەیەکم پێ بڵێ (شەکر)ی تێدا بێت،تەلەبەکەش لە وەڵامدا ئەڵێت:ئەم بەیانییە پیاڵیەک چاییم خواردەوە. مامۆستا ئەڵێت:ئەی شەکر کوا؟
تەلەبەکە ئەڵێت:لە ناو چاییەکەدا بوو.

## حەیران بەیادی جاران



**حەیرانبێژ: (حەسەن حەیران)**

ئەنگۆ بەچاوی من بڕۆننێ برام گەوارەکی دەهینا چەند دوور دەباری،
ئەوە شۆڕ دەکاتەوە دەوزێی عارەبان دەگرێتەوە دەشتی
کاولە قەراجی سەری قەرەبۆتك و قەرەبێتکان دەوارێ قورینگان گۆمی
مارواشان دەوزێیەکا بادینان گومەتەکەی سوڵتان عەبدوڵڵای عارەبی
سەری قەراتی پیرە مەخمووری شۆڕ دەبیتەوە لە دەرکی بازاڕگەی
خۆمان گەلە گەلە بەنازی تەڕ دەکاتەوە سەرو پەرچەمێ شەنگە بێری
گاوەرەو کەنداری، دەرێم خۆزیا بەخۆزی داران باجگری
ماچان بام لەسەر پردەکەی کاولە ڕواندزێ
ئەوەلەن لە کیژۆرە بارەکیان لە گەردەن کێلی
رواندزییان لە سەر بەتاسی خۆشناوان یەقە بەسنجاقی
کۆییان سەر بە پۆشی سولەیمانییان لە عەبا ڕەشی هەولێرییان

## دیوانە شیعر



**- سالمی شاعیر دەڵێ:**

**لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم دەستە و ئەژنۆ کەف زەنان**
**گێژەڵوکەی بای نەدامەت تاری کرد صەفحەی جیهان**
**صاعقە و بەرقی نحوسەت ظیلەتی دا شەرق و غەرب**
**بەردە بارانە بە مخصوصی لەسەر موڵکی بەبان**
**تورکی قورصی خۆر کە طالع بوو طلوعی کرد بە ڕەقص**
**کەوکەبەی ماهی مرادی ئەهلی بابان بوو نیهان**
**ڕاستە گەردوون چا بوو بۆ ڕەنگی بەد بۆ ڕەبطی وەلێ**
**نارژێنێ ڕەنگێ بەم ڕەنگە لە موودەی سەد قران**
**لەو ساوە حاکمی بەبە گشت دەربەدەر کران**
**نەیدیووە کەس لە چیهرەیی کەس جەوهەری هونەر.**

س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك

## پەندی ناوداران

**فەرانسیس بیکۆن، دەربارەی گومان و دڵنیایی دەڵێت:**



**گەر مرۆڤ لە دڵنیاییەوە دەست پێبکات ڕۆژێک دەگاتە گومان**
**بەڵام گەر لە گومانەوە دەستی پێکرد ڕۆژێک دەگاتە دڵنیایی...**

## بۆ زاخاوی مێشک

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (مەستورە) بوو**



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی پاش)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بەمانای (ناوێکی دیکە بۆ مردن)
- پیتی خانەکانی (٣+٥+٤+٤+٨) کۆبکەیتەوە بەمانای (ڕۆژێك دوای هەینی)
- پیتی خانەکانی (١+٢)کۆ بکەیتەوە بەمانای (نزمترین بەش لەجەستەی مرۆڤ)

